# گۆرانی سەفەر

رزگارعومەر
rezgar70ca@yahoo. com

پاش چاوەڕوانیەکی زۆر نامە ساردەکەت گەیشت، نامەکەت کاتێ گەیشت کە من خەریکی کۆچێکی ترم، ساڵانێکی زۆرەچاوەڕێم، چاوەڕێ بووم دەست لە خۆپەرستی هەڵگری و ببیتەوە ئەو دۆستە دێرینەی کە لە ساتەوەختێکی زۆر ناسکی تەمەنما لە بەرامبەر ئاڵۆزی ڕێگاکاندا دەستمت گرت و کتێبخانەی ژوورەکەی خۆتت پێم نیشان دا، لە نامەکەت گلەییە کۆنەکان بە زمانێکی تازەی ڕەقتر دووبارە دەکەیتەوە، ئەزانم تۆ لەپەنای کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەت ژمارەی بێ ئەژمارو سەرگەرمیەکانی ژیان و بزنس بەربینی گرتووی، کەرەنگە ئێستا زیاتر لە جاران کەم سەبرو ڕوو خۆش بی و شیعرنەوێرێ سلاوت لێ بکا یان بە لاتا تێپەڕێ، ڕەنگە قاقای پێکەنینت بێ ئەگەر پێت بڵێم من تا ئێستا لە بەر خاتری گوڵێك لەو شارە مابووم ! بەڵم، من ئێستاش هەر لە تۆ ناچم، شیعر برامە و لەگەڵمایە، ئەشق بە بوون یان نەبوون لە گەڵمایە، ڕەنگە بۆ تۆ سادە بێ یان بێ مەعنا بێ، کە من چەندە دیلی دەستی سیحری پێکەنینی ئەوم، ئاخر تۆ قەت لەوە تێ ناگەی کە ئەو کچە نازنازێکی قژ ڕەشی ڕۆژهەلاتییە بە جارێ ڕۆحی بردووم، ئاخر ئەو گوڵێکی خرپنە وممەکەکانی دوو کتێبی گەورەن من پێنج بەهار لەمەوبەر تەنیا فریای ماچی لاپەڕی یەکەمی کەوتم،

دەڕۆم و دەزانم چ لێرە چ لە ماڵ ولە لێکدانەوەی ماتماتیکانەی تۆدا جێگایەك بۆ تەپڵ و دەفەکەی من نیە، چونکە تۆدەزانی قەرەجێکی بێ ئۆقرە لە گیانمدایەو مانەوە لە یەك شارو ئاو هەوا گۆرانیەکانم بێ زەووق دەکا و سیسم دەکا، تۆ دەمناسی کە من خەیاڵ خاوێکی کەللە ڕەقم لە ناوەڕاستی ڕۆژ ئاواو تەکنەلۆژیا دەمەوێ لغاوی ئەشقێکی سانسۆر کراو بگرم، من لێرە تازە دەبم بە سندباد و بۆ دۆزینەوەی مەملکەتێك خۆم قبوڵ بکا کەشتیەکم پڕ کردووە لە کوپەی گۆرانی قەدەغەو نەوتراو بەرەو شەڕ و شارێکی نادیار هەنگاو دەنێم، دەڕۆم چونکە زۆر شت دووبارەیەو بە زۆر شت گەمارۆ دراوم، ماسکی پێکەنینی ئەوانەی دەورو بەرم، تەمەن و تەقویمێکی خوێن ساردی هەڵواسراوی سەر دیواری سپی ژووره چۆڵەکەم، وێنەی هەڵواسراوی باوکێکی پیر، کە لە هەر سەیر کردنێکا بۆ لۆچی هیلاك و خەفەتباری دەم و چاوی شەرم دام ئەگرێ و بە تەنیا لە ماڵەکەی خۆم بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ ئەگرییێم ولە ڕۆژێکا چەند جارێ ئەمرم، ڕەنگی خەواڵووی تەلەفۆنێکی لاڵ، شووشەی لێلی ئاوێنەیەك کە دەمێکە ڕووی ڕاستەقینەو منالانەی خۆمی تیا نابینم، ڕەفەیك پڕ لە کتێب کە نووسەرەکانی هەموو شەوان پاش ئەوەی بە تەنیا ئەخۆمەوەو سەر خۆش ئەبم ئەوانیش لە بەرگی کتێبەکان دێنە دەرێ و شەو نیە (شێرزاد و شێرکۆ و مارکس و فۆکۆ) گوێ لە گلەیی و گۆرانیەکانم نەگرن، ئاخر ئەوان ئێستا دەمناسن و دەزانن من تووشی شاعیریەتی بووم بێ ئەوەی مشتێ خۆشی زیاترم لە ئازیزانم دەست کەوتبێ، ئەوان دەزانن پۆلێ لە خۆشەویستانم بێ سەمەر ڕۆیشتن یان مردن، ئەوان دەزانن نەوەی ئێمە لە گەڵ هەر گۆڕانێکی بێ ڕەزای ژیان و مێژوو بە دەستی خۆمان بەژنی خۆمان پێ دەنێژن، ئەوان دەزانن من تووشی نووسین بووم بێ ئەوەی لەو گەرەکەی خۆمان سنەوبەرێکم بە ڕووتی دیبێ، دەزانن تووشی ئەشقێك بوومە کە هەرگیز چنگم ناکەوێ، ئەوان ئاگایان لێ بوو کە من لە گەڵ پۆلێ یاخی تووشی سیاسەت بووم کە بێجگە لە ئەلف و بێ ی دەڵسۆزی کلیلێکی ترمان شك نەبرد ئەو هەموو دەرگا داخراوەی پێ بکەینەوە، بینیان هەریەك لە ئێمە لە کۆڵانیکدا شەڕی لە گەڵ قەدەرێکی پڕ لە ئەفسانە دەکردو ئاگرێکی گەورەتر لە دەروون سواری ڕوانینمان ببوو، لە بەرامبەریشا هەرچی چەتەو جەلاد و خۆفرۆشی شار هەیە لە سوچی کۆلانەکان بە قەمەو گوللەو قەڵەم لێمان لە کەمین بوون.

ئەمەوێ بڕۆم لەم شارە وا سەر شێتانە دەستنووس و پڕۆڤەی گۆرانی و کتێبەکانم کۆدەکەمەوە، ئەڕۆم و ترسێك تێکەلاوی ئەندێشەم بووە، دەترسێم لەو سەفەرە بمرم و جارێکی تر گۆڕەکەی (ووشیار) نەبینمەوە، دەترسێم ئەم سەفەرە بێ سەمەر بێ و ناچاربم یان ناچار بکرێم سەر لەنوێ بێمەوە بۆ ئەم شارە، دەمەوێ بڕۆم و ڕەشبینیەکی قووڵ دایگرتووم، چونکە مەملەکەتێك یان فەلسەفەیەك نیە لە دونیا بتوانێ بە منالیم شاد کاتەوە، ئەمەوێ بڕۆم لەم شارە دوورە، ئەوەندە دوورە مەگەر خەون بتوانێ دایکە پیرەکەم بهێنێ و ڕۆحی لەت و پەت کراوم، لە لێواری کەناری ئەم دەریایە کۆکاتەوە، ئەڕۆم و نازانم ئەم وەلامەت

www.kurdistannet.org
18/07/2003 02:07

پێ ئەگا یان نا، بەڵام لە بڕوایەم ڕۆژگارێ دێ لەوە تێ دەگەی کە ژیان زۆر کورتە، ئاوڕێکی گەرم و پڕ لە پەشیمانی لە من دەدیتەوە، ئەو کاتە ئەگەر منیش نەمابم، باوەشێکی درەنگ وەخت و. . پڕ لە میهرەبانی بۆ گۆرانیەکانم ئەکەیتەوە.

ڤانکۆڤەر

*2003-07-16*

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت